
# لەمپەرەکانی خود

ئەنوەری ڕەشی عەوڵا
anwarrashyawla@yahoo.ca



لەمپەرەکانی خود؛ پێش هەر شتێک خود خۆیەتی. ئەگەر( بۆ بەرجەستەکردنی تواناکانی خود) سیمایەک شک نەبات بۆ شکڵ پێدان بە خۆی لە نێو سیماکانی تردا. دەنگێک شک نەبات بۆ هەڵچنینی ئاوازەکانی خۆی لە پاڵ ئاوازەکانی تردا. ڕێگەیەک شک نەبات بۆ هاموشۆکانی خۆی لە پاڵ ڕێگاکانی تردا!
خودێکی بێ سیما، و خودێکی بێدەنگ، و خودێکی بێ ڕێگا دەبێ چی بێت...، جگە لە سەدا و دەنگدانەوە و سێبەرەکانی دەرەوەی خۆی زیاتر؟!
گەرچی خود لە هیچی ڕووتەوە، نەهاتۆتە بوون و نایەتە بوون، بەڵکو ئەوە قیبلەنومای خودە زەمانەتیدەکات لە نرخاندنی ئەو چاکە و خراپەیەی لە داب و نەریت و بایەخەکانی هەمووان دەرژێت ، دیسان چاکە و خراپەیەکی بژارکراو کە ( شیاوی بیرلێکردنەوەیە) .. هەڵدەسەنگێنێ و مانای تری دەداتێ و گەوهەری شوناسی خۆی پێدروست و لێوڕێژ دەکات.
گەڕان و سۆراغکردنی خود، هەرگیز ڕەتکردنەوە و وەلانانی ئەوانیتر ناگەێنێت ، بەڵکو لە ڕۆیشتن و هەڵوەدابوونێکی ئێتیکیانەدایە ( هەوڵدەدات پێوانە خۆییەکان لەگەڵ ڕووداوەکانی دەرەوەدا بگونجێنێت) تا بە ناو ئەوانی تردا دڵاوایانە و دۆستخوازانە هەنگاوە ڕاستەقینەکانی دەستپێدەکات، چەشنی ئەو هەنگەی بە نێو باخە جۆرا و جۆرەکاندا بە ئارەزووی خۆی گەشت دەکات و بە هەنگوینی خۆیەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشی ئەوانی دی و خۆیشی دەکات.
بەڵام ئەم خود خولڤاندن و دروستکردنە چەندێک بەفەڕە و بە بەرەکەتە...،هێندەش بێفەڕ و زڕە ئەگەر بە ئاگانەبێت لە داو و فشارەکانی دەوروبەرێکی یەکڕەنگ و داخراو، بەو مانایەی فرە ڕەنگی دەوروبەرمان نەناسی و نەمانکردە دەستێکی کۆمەک کار بۆ ئاشناکردنی کردە و خەسڵەتە نائاشناکانی خۆم بۆ خۆم ، و لە سیفەتەکانی خۆم نەچم ، ئەوا خودی خۆمم بۆ سیفەت و گەمەکانی ئەوانیتر ئافەریدە و داگیرکردووە، کە ئەمە سیمایەکی دیاری وڵاتە دیکتاتۆرەکانە.
ئەگەر ناوکۆکەی خود لە ڕوانگە و ئەزمون و چاودێریکردنی سنووربەندییەکانی پرۆسەی گەشەکردنی خۆیەوە نەبێت، و هەموو جوڵەیەکی تەنها و تەنها لەوانی ترەوە دەستپێبکات و بۆ پێناسەکانی ئەوان بگەڕێتەوە، ئەوا ئەوان ناوەند دەبن بۆ خود ، و خودیش لە توانا و کردەوە سەرفراز و ڕاستەقینەکانی خۆی دەپچڕێت، و پەراوێز دەبێت بۆ پیادە کردنی تەراتێنی تواناکانی ئەوانیدی.

بەهای کاریگەرییەکان لەسەر خود ئەوکاتە پۆزەتیڤ دەبێ، کە بە هەڵبژاردن، و بۆ پەرەسەندنی هەڵبژاردنەکان بێت و بۆ ڕاگرتنی پایەکانی کۆڵنەدان و وەرچەرخاندنە سەنگینەکانی خود بێت، ئەگەر نا بە پێچەوانەوە دەبێتە مایەی بزرکردنی جێگە و ڕێگەی ئازادییەکانی خود لە نێو شتگەلێکدا کە دەیکاتە، گوێڕایەڵ و وەسیلەیەک بۆ یاسای بێڕۆحی شتەکان و پێودانگەکانی ئەوانیتر.

خودێکی بوێر، له سەرەوه چوون و قوڵایی چوون و ئافەریدەکانی جوداناکرێتەوه و به کۆشش و هەڵبژاردنه پڕ هێوریی و پڕ مەغزاکانیەوەکانیەوه دەناسرێ، و چیەتیەک که– ویستەڕێیه – دەدا به ئاگایی و هەستەکانی خۆی.. تا ناوەوەی خۆی ڕێکبخات و قایلبکات. چونکه پێیوایه ( مرۆڤ تەنها ئەو کاته به شێوەیەکی ڕاستی مۆڕاڵی دەژی، که بتوانێت له هەموو جۆره فریوێکی دەرەکی تەواو سەربەست بێت– ئانـثیستێنیس– قوتابی سۆکرات) که جیایه له بۆماوەیی چیەتیه نەگۆڕ و هاوڕەنگەکانی عەوام که گوزارشتەکانی نمایندەی ویستی خۆی نیه، و ڕەفتاری چۆکپێدادراوی و پرتەپرتی گوفتاری، به ناچاری درکێنەری ویستی واعیز و فەرماندەرەکانێتی و بەس!

ڕاسته که ئێمه فرێدەدرێینه ناو بوون، کۆمەڵێ هەلومەرج و یاسای گشتی به ڕووماندا دەتەقێتەوه و ئابلۆقەمان دەداو سیستەمگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوریداوین، وەلێ ( بوون لەگەڵ کەسانی تردا، بونیادێکه لەناو بوونی خود خۆیدا، چونکه هیچ خودێکی تەریک له خودگەلێکی تر بوونی نیه. بەڵام تاکەکان له نێو ئەم سیستەمه کۆمەڵایەتیانەدا سیستەمگەلێکی تازه و بونیادگەلێکی هەمەچەشن که به پیر پێویستیه تاکەکەسییەکانەوه بێت دادەمەزرێنن– هایدگەر–) له دواجاردا خۆداری له نێو دژوارییەکاندا دەتوانێ دڵدانەوەیەکیش بێت، یا دڵنەواییەکه مرۆڤ بۆ ناڕازیبونه جەربەزەکانی خۆی دایهێناوه! گەر وا نەبایه چۆن دڕک و گوڵی شەو و ڕۆژ، لەگەڵ لێکنەچونیشیان ئاوها له هەناویدا ئاوێزانی یەکدی دەبوون؟